# بۆ نەمانی توند و تیژی

# لە پێناو یەکسانی و مرۆڤسالاری دا

# (بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاریی توند و تیژیی لە دژی ژنان)

**هامنۆ نەقشبەندیی**

**٢٠١٢/١١/٢٧**

٢٥ نۆڤەمبەر رۆژی" بەرەنگاری دژی توند و تیژی لە دژی ژنان" ناونیشانێکە بۆ رامان لەو پەڵە ڕەشەی هەتا ئەمڕۆش بە ناوچاوانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوەیە.

توند و تیژیی دژی ژن کە دیاردەیەکە بە قووڵایی مێژوو، ئەمڕۆبە پانتایی هەموو جیهانی مرۆڤایەتی لە ئارادایە و وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤی جیهانیی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر جیاوازە و بە پێی کولتور، داب و نەریت و بەها مەعنەوەییەکان و هەلومەرجی تایبەتی نەتەوەکان لە هەموو شوێنێ، بەدیی دەکرێ .

ژن ، ئەو مرۆڤەی کە ژیان و مرۆڤایەتی بە بێ ئەو لە مان و بەردەوامیی دەکەوێ بە پانتایی جوغرافیا و کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە، بە چەندین جۆر و چەشن لە هەموو ئاستەکاندا لە گەڵ توندو تیژیی روو بە رووە.

ئازاری فیزیکی و جەستەیی، رۆحی و دەروونی، جنسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە هەموو ئاستەکانی پێوەندیی تاکی، خێزانیی، کۆمەڵگایی وژینگەی ژیان و کار ، لە ناو هەموو چین و تۆێژەکاندا، ئەو جۆرانەی توند و تیژیین کە ژن گیرۆدەیانە و مرۆڤایەتی مرۆڤ، پێی خەوشدار بووە.

راستییەکی تاڵ، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە دیاردەی چەوساندنەوە و توندوتیژیی دژی ژن تایبەت بە وڵات و کۆمەڵگا دواکەوتوو و نەریتیەکان نییە. ئەوە تەنیا وڵات و نەتەوە رۆژهەڵاتییەکان نین کە ئەم دیاردەیان تێدا باوە. بەڵکوو لە جیهانی پێشکەوتوو و لە ناو وڵاتان و نەتەوە رۆژاواییەکانیشدا بە جۆر و چەشنی خۆیان، توند و تیژیی دژ بە ژن دیاردەیەکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بە داخەوە گۆرانکارییە سیاسی و ئابوورییە گەورەکان و پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیایش لە پاڵ چوونە سەرێی ئاستی بایەخ و گرینگی دان بە مافەکانی مرۆڤ، نەیانتوانیوە ئەم دیاردەیە لە کۆڵ ژن و لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکەنەوە. ئەمڕۆ لە جیاتی بنەبڕ کردنی ئەم دیاردەیە و هەڵکشانی رێز و

خۆشەویستی ژن، پێ بە پێی ئەو پێشکەوتنانە، بە کالایی کردن و کڕین و فرۆش و بازرگانی کردن بە ژن و جەستەی ژن، لە هەڵکشانی زیاتر دایە.

جیهان لەم پێوەندییەدا پێویستی بە بە خۆدا چوونەوە، رامان و چارەسەری هەیە. پێویستە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک چۆن پەرۆشی داکوژانی جەنگەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆچ و ئاوارەکان و پەرەپێدانی ئابووری و گەشەی بازرگانی هەیە، ئا بەوجۆرەش پەرۆشی بنەبڕ کردنی هەڵاواردنی جنسی و نەهێشتنی توندوتیژیی و هۆ و هۆکارەکانی ببێ. بە کورتی جیهان پێویستی بە مرۆڤایەتی کردنی زیاتر هەیە و تا کاتێ هەڵاواردن و توند و تیژیی دژ بە ژن کۆتایی نەیەت، ئەم ئامانجە وەدیی نایەت.

مرۆڤایەتی کردنی جیهان و نەهێشتنی توند و تیژیی دژ بە ژن، هەر لەو کاتەدا کە پێویستیی بە تێکۆشانی بێوچانی خودی ژن هەیە، لە هەمان کات دا، پێویستی بە رۆڵگێرانی پیاو هەیە. پیاوان لە سەریانە دەوری خۆیان لە کۆتایی هێنان بەم پەڵە ڕەشەی کۆمەڵگای جیهانیی بگێڕن. لە نموونە کوردییەکەیدا بیر و کرداری پێشەوا قازی محەمەد لە رەفتار و هەڵوێستی لە سەر ژن و پرسی ژن ٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵگایەک بە هەموو تایبەتمەندییە نەریتییەکانەوە، نموونەیەکی پرشنگدار لە دەوری مرۆڤسالارانەی پیاوە .

ژنی کورد هاوکات لە گەڵ ئەوەی وەک ژنی هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە گیرۆدەی توند و تیژیی هاوشێوەی گشتییە، وەک ژنی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و دابەشکراو و نیشتمان داگیر کراو و بندەستی نەتەوایەتی، توند و تیژیی تایبەت بە خۆی و هەلومەرجی سیاسیی خۆی لە سەر بارە.ژنی کورد، زیاترین باجی واقعی داگیرکراوی وڵاتەکەی و سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی داوە و بەشی زۆری ئازارەکانی ژێنۆسایدی کورد و هێرش و جەنگ و کاولکردنی کوردستانی بە هەر دوو جۆرە مادی و مەعنەوییەکەیەوە، پێبڕاوە. هاوکات هێندێک لە داب و نەریتە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی خودی کوردەواری، توند و تیژیی دژی ژنی کورد بەرهەم دێنن و لە ژێر کاریگەرییاندا، دەرهەق بە ژن تاوانی دژە مرۆڤیی دەخوڵقێ. چ ناڕەوایە داگیرکەرانی کوردستان بە سیاسەت و رەفتارەکانیان، بە شەڕ و بە خوێن رێژییەکانیان ژنی ئەم نیشتمانە لە ئازار و خەم و جەرگ سووتان و زیندان و گرتن و کوشتن بگەوزێنن و هاوکاتیش، خێزان و کۆمەڵگای کوردەوارییش بە حوکمی داب و نەریتە ناڕەواکان بۆ جەستە و رۆحی ژن وەک نیوەی کۆمەڵ، ژن وەک هاوسەر، وەک دایک، وەک خوشک و وەک کچ هەمان دۆخ دروست بکەنەوە.

لە گەڵ ئەوەشدا،ئەزموونی سەربەستی و ئازادیی کورد، لە دوو نموونەی وەک دەوڵەتی جمهوری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان، نیشانی داوە کە ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بواری هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی دژی ماف و ئازادییەکانی ژنە دەرخەسێنێت و دەسەڵاتی کوردستانی پاڵپشتی لە یەکسانی و بەرابەری ژن لە گەڵ پیاو دەکات و لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگاشدا هەلی ئەوە دروست دەبێت کە دیاردەی توند و تیژیی لە بێدەنگی و شاراوەیی دەربێت و وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گشت کۆمەڵگا، بۆ چارەسەر و نەهێشتنی بکەوێتە رۆژەڤی تاک و کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە.

لە پێناو ژیانی بەختەوەرانەو مرۆڤسالارییدا، تاک و کۆی کوردەواری بە هەر دوو رەگەزی ژن و پیاوەوە دەبێ لە هەر بار و دۆخێکی سیاسیدا، لە تووردانی ئەو کولتور و داب و نەریتانەی توند و تیژیی دژی ژن دەخولقێنن، درێخی نەکەن و بۆ گەیشتن بە ئاستە بەرزەکانی ماف و ئازادییش، ژنی کورد پێشەنگی خەبات بۆ رادانی داگیرکەران لە نیشتمان و گەیشتن بە سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسیی بێ